پـــاریزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3254)] **ساڵی** 2022

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: جێ بەجێ کردنی (16) **شازدە پرۆژەی بچوک و مام ناوەند لە (سلێمانی و دوکان و دەربەندیخان)**(کاری دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی دەباشان و ئەزمەر و گوێژە و چەند شوێنێك لە ناوچەی سەنتەری سلێمانی + کاری دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ چەند شوێنێك لە چواردەوری سەنتەری سلێمانی + دروستکردنی رێگای بەردەم تاقگەی بەنداوی دەربەندیخان +دروستکردن و جێگیر کردنی (کورسی و مێزی دانیشتن , سەتڵی خۆڵ) بۆ دارستانەکانی دوکان +دروستکردنی WC بۆ ئەشکەوتی جاسەنە لە دوکان + دروستکردنی WC بۆ سەر دەریاچەی دوکان+ دروستکردنی WC بۆ تەنگی قەچوغە لە دوکان+ دروستکردنی WC بۆ سەیرانگای دارە گەورە لە جوبلاغ لە دوکان+ دروستکردنی WC بۆ سەیرانگای تابین لە دوکان +دانانی (کورسی و مێزی دانیشتن , سەتڵی خۆڵ) بۆ سەر دەریاچەی دەربەندیخان+ دانانی (کورسی و مێزی دانیشتن , سەتڵی خۆڵ) بۆ کەمپی خوارو نزیك تاقگەی دەربەندیخان+ دانانی (کورسی و مێزی دانیشتن , سەتڵی خۆڵ) بۆ نزیك تونێلی دەربەندیخان+دروستکردنی WC بۆ کەمپی خوارو نزیك تاقگەی دەربەندیخان+ دروستکردنی WC بۆ سەر دەریاچەی دەربەندیخان + دروستکردنی WC بۆ گوندی ژاڵە ناو لە دەربەندیخان + دانانی (کورسی و مێزی دانیشتن , سەتڵی خۆڵ) بۆ بەرزاییەکانی ژاڵە ناو لە دەربەندیخان) **دووەم جار**

پـــاریزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە نارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە, سەردانی بینای **پـــاریزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (100,000) سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ناگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

1- فرۆشتنی تەندەر لە رۆژی(2022/5/11) دەست پێ دەکات تا رۆژی (2022/5/24) لەکاتژمێر (9) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (12:00) ی نیوەرۆ .

2- رۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (2022/5/29) کاتژمێر (10:00) ی پێش نیوەرۆ دەبێت .

3- رۆژی کردنەوەو ناشکراکردنی تەندەر لە هەمان رۆژی (2022/5/29)دەبێت دوای داخستنی سندوقی تەندەر کاتژمێر (10) ی پێش نیوەرۆ لە پاریزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

4- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

5-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (120) سەدو بیست رۆژ رۆژی رۆژمێری).

6- نەگەڕ رۆژی ناشکراکردنی تەندەر بوو بە پشووی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەوا یەکەم رۆژی دەوامی دوای پشووەکە دەبێتە رۆژی کردنەوەی تەندەر .

7- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(2) ی ساڵی (2016) بێت.

8- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2022.

9- پێویستە بەڕێوبەری رێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی رێگە پێدراو (تخویل) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

10- پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابن بۆ ساڵی 2022

11- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

12- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

13- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ نەسپاردە بکرێت .

14- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) رۆژە لەدوای بەروازی داخستنی سندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

15- دوای داخستنی سندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

16- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

17- پێویستە کۆمپانیا نامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و نەگەر نامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

18- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

19- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

20- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بکات.

21-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکانی پارێزگای سلێمانی هۆیەی چاودێری وراهێنان بکات

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

1- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە (2-7) دا بێت. وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەروازی بەسەر نەچووبێت .

2- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە دامەزراوین بە پێی یاسا لەناو عێراقدا و لەفەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی نیتیحادی و /یان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمارکرابن .

3- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێوستە دامەزراوین بە پێی یاسا لە دەرەوەی عێراق و بەشێوەیەکی بنەمایی تۆمارکراوبن یان لقیان هەبێت لەهەرێمی کوردستان.

تێبینی :

1-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

2-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی (15٪ ی داهاتی کەرتی گەشتیاری بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بۆ ساڵی 2022

وێنەیەك بۆ :

- وەزارەتی دارایی و نابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی /بۆ نامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ناگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ناگاداریتان.
- مالپەری www.slemani.gov.krd / پاریزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (0533193073) وە بکەن لە پاریزگا / کاروباری تەندەر یان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پاریزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەری

2022/5/19

لە. نامادەکراتی تەندەر	لە. چێکی تەندەر	ل.کاروباری تەندەر	بەڕێوبەری گرێبەستەکان
٢٠٢٢/٥/١٩	٢٠٢٢/٥/١٩	٢٠٢٢/٥/١٩	٢٠٢٢/٥/١٩